# سەرجەم بەرهەمەكانی قوباد لە دیوانێكدا

ئیدریس عەلی

شەهید بەتەنیا پیاسە دەكات. ئەمە ناونیشانی دیوانەكەی شاعیری جوانناس (قوبادی جەلی زادەیە) كە لەم رۆژانەی پێشوودا لەدوو تویێی قەبارەیەكی گەورو بە بەرگو نەخشەیەكی جوانو هونەریانەدا لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە چاپو بلاَو كرایەوە، ئەم دیوانەی (قوباد) سەرجەم ئەوشیعرو نامیلكانەی لەخۆگرتووە كە ماوەی سالاَنی پێشوو بلاَوی كردبوونەوە ، لەگەلَ كۆمەلَێ شیعری نویَ كەبەم دواییانە نووسراون لە هیچ جێیێك بلاَوی نەكردوونەتەوە.. تیراژی ئەم دیوانە هەزاردانەیەو رۆستەم ئاغالەی شێوەكار تابلۆی بەرگەكەی نەخشاندووە..

شاعیر وەك خۆی دەلَێت : ئەم دیوانە پێشكەشە بەژن ئەو بەهەشتەی هەمیشە تێیدا دەسووتێم.

لەپێشەكییەكی چەند لاپەرەییدا بۆ ئەم دیوانە (ئەكرەمی میهرداد) دەلَێت: فەزای شیعری قوباد بێلایەنو سپیو پاكو بێگەردەو لەوێدا زنجیرەیەك لە جیاوازییەكان، لەتابللۆمانولەوێناو ماناكانی خەباتی شیعری خۆیان بەیان دەكەن.

لەراستیدا گەر كەسێك بیەوێت شیعری قوباد بخوێنێتەوە یان قسەی لەسەر بكات پێویستە خاوەن هێزێكی لەرادەبەدەر بێت بۆ ناسینی بەهاكانی جوانیو تێگەیشتنی قولَو رۆشنبیرییەكی گشتی هەبێت لەسەر چەمكو رەهەندەكانی داهێنان، چونكە ئەم خۆی لە خۆیدا داهێنەرو خولقێنەرە بەو مانایەی لەچوارچێوەیەك شێوازو ناوەرۆكو لەیەك جۆر فەزای شیعریو زماندا ناگیرسێتەوەو سنورەكانی تەقلیدی بەزاندووە.. لایەنێكی دیكەی رووی گەشو جوانی شیعری قوباد ئەوەیە كە جگە لەحالَەتە ئیرۆسیەكان هەستێكی قولَی ئینسانی لە شیعرەكانیدا بەدی دەكرێتو لەومەیدانەشدا خۆی گەیاندۆتە لوتكەی مرۆڤدۆستی.. بەتایبەت ئەو شیعرانەی كەبۆ هەلَەبجەو ئەنفالو دژی جەنگ نووسیونی بەراكشاوانەو جەسوورانە بەگژ ئەو هێزانەدا دەچێتەوە كەدژی ئاراستەی مرۆڤی كورد كاردەكەنو ژیان ناشرین دەكەن، ئەمەش دەلیلە بۆ ئەو دنیابینیە ئینسانییەی شاعیرو پێداگرتنی لەئاست هەلَوێستە جدییەكان.